گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 4, No. 3, pp. 522–540, December-2016
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# ڕووداوەكانی شۆڕشی ئەیلول لە ئەدەبیاتی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەورووپا ١٩٦١–١٩٧٠

نەوزاد عەلی ئەحمەد
راوێژكار لە پەرلەمانی كوردستان

*https://doi.org/10.26436/2016.4.3.288*

**كورتیا لێكولینێ :**

بۆ سەرنجراكێشانی رایگشتی و ناوەندەكانی بریاری جیهانی، كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەورووپا Kurdish Students Society In Europe لە ڕێگای بلاوكردنەوەی چاپكراو و ئەدەبیاتەكانی بە زمانەكانی عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی، رووسی .. هتد ، زۆرترین پەیام و ڕووداوەكانی شۆرشی ئەیلولی بە دنیای دەرەوە گەیاندووە .

لەم بابەتەدا بە پشت بەستن بە ئەدەبیاتە ئۆرجینالەكانی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەروپا 1956 – 1975 لە پشتیوانی و هاوكاری كۆمەڵەی ناوبراو بۆ شۆرشی ئەیلول داوم. بابەتەكە دابەشی دوو بەشكراوە، لە بەشی یەكەمدا لە دامەزراندن و كۆنگرە و چالاكیەكانی و پەیوەندی نێوان شۆرشی ئەیلول و كۆمەڵە داوم. لە بەشی دووەمدا خوێندنەوەم بۆ ئەدەبیاتەكانی كۆمەڵە كردووە تا چەند پشتوانیان لە شۆرشەكە كردووە .وەك هەر بابەتێكی ئەكادیمی سوودم لە چەندان سەرچاوە بینیوە و لە كۆتایدا ئاماژەم پێداون .

وشەكانی لێكولینەوەی: شورەشی ئەیلول، كومەلەی خوێندكارانی كورد، ئەوروپا، كۆنگرەی

**كلیلا لێكولینێ**: *ڕووداوەكانی شۆڕشی ئەیلول، ئەدەبیاتی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد، ئەورووپا .*

**پێشەكی:**

نووسەر و شارەزا و پسپۆرانی كورد بە گوێرەی پێویست دەركیان بە گرنگی تاراوگە لە دنیای لێكۆڵینەوە و توێژینەوەدا نەكردووە، تا ئێستاش لەژێر كاریگەریی گەریدە و رۆژهەڵاتناسان خۆیان دەرباز نەكردووە. دیوێكی گرنگ و دەوڵەمەند لە ژیانی تاراوگەی ئێمەدا هەیە، ئەویش پەرتبوونی هەزاران بەڵگەنامەیە كە بەشێكن لە ژیانی سیاسی و حزبی و ڕێكخراوەیی نەتەوەكەمان.

لەو دەساڵەی لە ئەورووپا بووم، دەیان كتێبخانەی شەخسی، ئەرشیف و كتێبخانە دەوڵەتییەكانم بینی جۆرەها بەڵگەنامە، كتێب، ڕۆژنامە، گۆڤارم كەوتۆتە بەرچاو لێرەدا لە كوردستان نەبیراون، یاخود فەوتاون و لەوێ دەستدەكەون. ئەم باسەی منیش ئیشكردنە لەسەر گۆشەیەك لە گۆشەكانی ڕێكخراوێكی پیشەیی كە خاوەنی هەزاران لە لاپەڕەی چاپكراوە لە تاراوگەدا

ئەوەندەی تا ئێستا سەبارەت بە كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەورووپا ١٩٥٦–١٩٧٥ نووسراوە، ڕەنگە پشكی شێر بەر من بكەوێت، بەڵام بەرهەمەكانی ئەو ڕێكخراوە ئەوەندە زۆرن، كارەكانی من و كاری كەسانی تر دڵۆپێكن لە دەریا قووڵەكەی.

ئەو كۆمەڵەیە لە ڕۆژگارێك لە دایك بووە لە تەواوی پارچەكانی كوردستاندا ژیانی سیاسی، حزبی، ڕۆژنامەگەریی، كولتوری قەدەغە بووە، بۆیە پێویستی دەكرد، ئەو بەرامبەر بە ڕووداوەكان هەڵوێستی هەبێت،

بە تایبەتیش لە لایەن دەستەبژێرێك دامەزرا و لە کۆمیتەی بەڕێوەبردن ناوی دیار و ناسراوی مەیدانی کوردایەتی و کوردەواری هەبوون.

ئەم باسەی منیش"ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلول لە ئەدەبیاتەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ١٩٦١- ١٩٧٠" سۆراغکردن و خوێندنەوەیە بۆ هەڵوێست و گوتاری کۆمەڵەی ناوبراو بەرامبەر بە ڕووداوێك کە لە مێژوودا بە شۆڕشی ئەیلول ناوی هاتووە.

بۆ بابەتی لەوجۆرە کێشەی سەرەکی نەبوونی سەرچاوە و چاوگەی ئۆرجینالە، بەڵام ئەرشیڤە دەوڵەمەندەکەم و کتێبە چاپکراوەکانم لەو بوارەدا کەمێك باری سەرشانیان سووك کردم، ئەوەی ماندووم کردم، دەستنەوکەوتنی چەند سەرچاوەیەك بوو سەبارەت بە بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و خاوەندارێتی پارتی لە شۆڕشی ئەیلول.

دوای لێکدانەوە و تەتەڵەکردنی تیۆرەکانی توێژینەوەی زانستی بۆم دەرکەوت گونجاوترین تیۆر بۆ ئەم باسە مێژوو- وەسفی یە، چونکە تاکە سەرچاوەیەك بۆ بابەتێکی لەم چەشنە خودی نووسین و بڵاوکراوە و گۆڤارەکانی کۆمەڵەی ناوبراوە.

ئەم بابەتە دابەشی دوو بەشکراوە:

- بەشی یەکەم: کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و شۆڕشی ئەیلول
- بەشی دووەم: ئەدەبیاتەکانی کۆمەڵە و شۆڕشی ئەیلول

بۆ دۆزینەوەی وەڵامی درووست هەر یەکێك لەم بەشانە لە چەندان ناونیشان خورد کراونەتەوە و بە پشت بەستن بە بۆچوونی زانستی، هەوڵدراوە وەڵامی رازیکەر گەڵاڵە بکرێت.

هەر تەنیا وەك زانیارییەکی سەرەتایی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لە ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوەو ساڵی ١٩٧٥ هەڵوەشایەوە و پەرتبوو، بەڵام سنووری بابەتەکەی من لە ١٩٦١ دەست پێدەکات و ساڵی ١٩٧٠ کۆتایی دێت، چونکە من وای دەبینم دوای ئەو مێژووە کۆمەڵەی ناوبراو سەربەخۆیی و بێلایەنی خۆی لە دەست دەدات، هەربۆیە پێنج ساڵی کۆتایی لە تەمەنی ڕێکخراوەکەم فەرامۆش کردووە، ئەو ماوەیە پێویستی بە توێژینەوەی تر هەیە، هەروەها ١١مانگی کۆتایی شۆڕشی ئەیلولیش زۆر جیاوازترە لە ١٩٦٢ تا ١٩٧٠، ئەمانە قۆناغ و ڕووداوی مێژوویین پێویستە بە کەرەستە و بۆچوونی جیاوازتر کاریان لەسەر بکرێت بە تایبەتی بۆ ڕێکخراوێکی پیشەیی بێلایەنی خوێندکاران کە لە وێستگەی دووەمی ژیانیدا بێلایەنی خۆی لە دەست دابێت!

وەك هەر بابەتێکی ئەکادیمی لە کۆتاییدا پوختەی بابەتەکە نووسراوە و کۆمەڵێك پێشنیار خراونەتەڕوو، پاشان ناوی ئەو کتێب و سەرچاوانە هاتوون کە سوودیان لێوەرگیراوە.

## بەشی یەکەم: کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و شۆڕشی ئەیلول

### سەرەتاکانی کۆچی کورد بۆ دەرەوە:

کۆچکەر کەسێکە لە وڵاتی خۆی کۆچ دەکات و لە وڵاتێکی تردا دەژیت. کۆچبەران بە گوێرەی جیاوازی نەتەوە و زمان دابەش دەکرێن، بەڵام هەرِەشەی سیاسی و ئایینی و ئابووری و بەرپابوونی جەنگەکان و کارەساتە سرووشتییەکان هۆکارن بۆ کۆچکردن.

بوونی کورد لە هەندەران " تاراوگە "دا پەیوەستە بە ڕووداوەکانی ناوخۆی کوردستان و کاریگەرییان لەسەر کۆچی کورد بۆ دەرەوە. کە باس لە کۆچ و کۆچبەران دەکرێت زیاتر بەند دەکرێت بە کۆچی گروپ و دەستە، نەك ژیانی تاکی کورد لە دەرەوەی سنووری کوردستاندا. ئەگەر سەردەمی میرنشینەکانی کورد فەرامۆش بکەین، ئەوە دەکرێت سەرەتا ئاماژە بە کۆچی کورد لە ڕۆژگاری

دەوڵەتی عوسمانیدا بکەین، ئەم رووداوە تا ئێستا کاری جدی بۆ نەکراوە.

بەڵام وەك راستییەکی بەڵگەدار سەرەتاکانی کۆچی کورد بۆ دەرەوە لە کوردستانی باکوور لە چلەکانی سەدەی رابردوو دەست پێدەکات بە تایبەتیش چوونی کۆمەڵێك خوێندکار و رۆشنبیری کورد بۆ وڵاتانی ئەوروپا. لە کوردستانی باشووردا دوای وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن نوری سەعید. بەڵام لە کوردستانی رۆژهەڵات ئەو کۆچە دوای رووخانی کۆماری کوردستان"مەهاباد"دەستی پێکردووە، بە هەمان شێوەش لە کوردستانی رۆژئاوادا هەر لە دوای پەنجاکانی سەدەی رابردوو چەندان خوێندکار و رۆشنبیر روویان لە دەرەوە کرد. دەرکردنی رۆژنامەی کورستان ١٨٩٨ " بەڵگەیەکی زیندووە بۆ کۆچی کورد بە تایبەتیش خەڵکی خوێندەوار و رۆشنبیر بۆ دەرەوەی کوردستان. دوای ساڵی ١٩٥٥ ژمارەی کورد لە وڵاتانی ئەوروپادا چوار سەد کەس بووە . دوای ئەم مێژووە ئەو ژمارەیە بەردەوام لە هەڵکشان دابووە و تا رۆژی ئەمرۆ هەندێك سەرچاوەی نا رەسمی ژمارەی کورد لە دەرەوە بە تایبەتیش لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپادا بە ملیۆنێك کەس بەڵکو زیاتر دەخەملێنن.

دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی جیاواز و بەرنامەی لە پێشینەی هەر یەکێك لەو دەوڵەتانە بۆ تواندنەوە و چەوساندنەوە و جینۆسایدی نەتەوەی کورد، هۆشیاری نەتەوەیی لێکەوتەوە، ئەو هوشیارییەش سەرەتا لە لای خوێندەوارو رۆشنبیران هەستی پێکراوە، ئەو دەستەیەش تا بۆی لواوە و بواری بۆ رەخساوە ئەو شێوە سیاسەت و داپلۆسین و دیسپلینەی رەتکردۆتەوە و خەباتی لە دژی کردووە، بەڵام کە لە ناوەوە هیچ بوارێکی بۆ نەماوەتەوە رووی لە تاراوگە کردووە و بە شێوازێکیتر خەباتی نەتەوەیی پەرەپێداوە، یەکەمین دەستە لە کورد و خەڵکی کوردستان کە رووی لە دەرەوەی کوردستان کردبێت بریتی بوون لە رۆشنبیرو رووناکبیرانو زیاتریش لە سەرەتاکانی سەدەی رابردوو دەستی پێکردووە و بۆ وڵاتانی ئەوروپاش بووە "

کورد دەمێکە بە ئەوروپا ئاشنا بووە، ئەو مێژووە بۆ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە و بۆ نموونە سەرچاوەیەك بەم شێوەیە باس لە پەیوەندی کورد و سویدییەکان دەکات: " ئەو پەیوەندییە لە رێگای ڤایکینگەکانەوە بووە کە بە مەبەستی بازرگانی یان سەربازی و هەندێکجاریش راوڕووت سەردانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانیان کردووە، ئەو پەیوەندییە لە سەردەمی بنەماڵەی مەروانییەکان بووە کە لە فارقین دەسەڵاتیان هەبووە. چەندین سکەی سەردەمی مەروانییەکان لە مۆزەخانەکانی سوێد پارێزراون "، بەڵام لە هەقیقەتدا ئەو کۆچە پەیوەستە بووە بە هۆکاری سیاسی، ئابووری، دەکرێت بۆ چەندان قۆناغ دابەشی بکەین

**سەرەتاکانی بزاڤی خوێندکارانی کورد:**

ئەوەندەی تا ئێستا ساغ بۆتەوە بزاڤ و رێکخستنە حزبی و سیاسییە کورد و کوردستانییەکان لە دەستپێکدا لە کوردستانی باکوور بە تایبەتیش لە شاری ئەستەنبوڵ چەکەرەی کردووە و چەخماخەی لێداوە، بۆ بزاڤە خوێندکارییەکانیش بە هەمان شێوە باکوور کوانوویەکی گەرمی تێکۆشان بووە" یەکەمین کۆبونەوەی خوێندکارانی کورد لە رێکخراوێکی تایبەتی دا ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دوای ئینقلابی عوسمانی ١٩٠٨ کە پێش ئینقلاب بە چەند ساڵێك گەلێك خوێندکاری کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عوسمانی یەوە روویان کردبووە شاری ئەستەموول بۆ خوێندن "، هەر یەکێك لە قەدری جەمیل پاشا، فوئاد تەمۆ، عومەر جەمیل پاشا رۆژی ١٩١٢/٧/٢٧ کۆمەڵەی هێڤی خوێندکارانیان لە ئەستەنبوڵ دامەزراند. سەرەتا خوێندکارە کوردەکانی زانکۆکانی تورکیا بە تایبەتیش لە ئەستەنبوڵ بوونە ئەندام

لەو ڕێکخراوەدا، بەڵام پاشان دەیان کەسایەتی نیشتمانیی چوونە ریزی هێڤی. هێڤی پەلوپۆی بۆ پارچەکانی تری کوردستانیش هاویشت و چەندان کەس لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بوونە ئەندام لە ڕێکخراوەکەدا.

بەڵام سەرەتاکانی ڕێکخراوبوونی کورد لە تاراوگەدا پەیوەستە بە دامەزراندنی چەند ڕێکخراوێکی تایبەت بە لاوان و خوێندکارانی کورد لە دەرەوەدا ساڵی 1949 چەند خوێندکارێکی دڵسۆزی کورد کە ئەوکاتە لە ئەورووپا دەیانخوێند ، لەوانە: نورەددین زازا، عیسمەت شەریف وانلی، شەوکەت عەقراوی، عەبدوڵڵا قادر.. بیریان لەوە کردەوە کە ڕێکخراوێك بۆ خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا دابمەزرێنن، " تا ئەوانیش شان بە شانی قوتابیانی جیهان تێکۆشانی خۆیان یەك بخەن بۆ ناساندنی گەلی کورد و مەسەلەی نیشتمانی یەکەی بە گەلانی جیهان " تەمەنی ئەم ڕێکخراوە ساڵێکی نەخایاند، ئەوەندەی ساغ بۆتەوە تەنیا لە دوو چالاکییدا بەشداربووە لە میهرەجانی دووەمی لاوان و قوتابیانی جیهان کە هاوینی ساڵی ١٩٤٩ لە شاری بۆدابست پایتەختی هەنگاریا سازکراوە، لەگەڵ کۆنگرەی جیهانی خوێندکاران لە شاری سۆفیای بولگاریا. هەروەها گوایە جەمیل پاشا لقێکی هێڤی لە ئەورووپاش دامەزراندووە. ئەم دوو ڕێکخراوە دەکرێت وەك دەستپێکی خەباتی ڕێکخرابوونی خوێندکاران لە ئەورووپا بدرێنە قەڵەم و ڕێگاخۆشکەربن بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی فراوانی وەك " کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا".

## مێژووچکەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد:

بە ڕاگەیاندن و دامەزراندنی دەستە و ڕێکخراو و حزبی سیاسییەکان، یەکێتیی و کۆمەڵە خوێندکارانییەکان زیاتر پەرەیان سەند و زۆربەی لایەنە سیاسییەکان ڕێکخراویی خوێندکاریی تایبەت بە خۆیان دامەزراند. بەڵام هیچ ڕێکخراوێکی خوێندکاریی کوردی وەك " کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا Kurdish Students Society In Europe- KSSE " خاوەن پێگە نەبووە. ئەم ڕێکخراوە لە ئەورووپا دامەزراوە، بەڵام وەنەبێت لەو کاتەدا کورد ڕێکخراوی خوێندکاریی تری نەبووبێت، لە ئەورووپا" یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا" و لە ئەمریکا ڕێکخراوی خوێندکاری کورد هەبوو گۆڤاری THE KURDISH JOURNAL ی دەردەکرد. ئەم دوو ڕێکخراوە هەردووکیان لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوو دامەزراون و لە سەرەتای حەفتاکانی هەمان سەدە لە چالاکی کەوتوون.

ڕۆژی ١٠ تا ١٩٥٦/٨/١٦ حەڤدە خوێندکاری کورد کە ئەوکاتە لەئەورووپا دەیانخوێند لەشاری ڤیزبادن لەئەڵمانیای ڕۆژئاوا ڕێکخراوێکیان بەناوی" کۆمەڵەی زانستی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا" دامەزراند. لەکۆنگرەی سێ ناوی خۆی گۆڕی و کردی بە " کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا" و ساڵانە کۆنگرەی خۆی گرێداوەو تا ساڵی 1975 بەیەکگرتوویی مایەوەو لەو ماوەیەدا شازدە کۆنگرەی بەستووە، لەکۆنگرەی حەڤدەدا ڕێکخراوی ناوبراو یەکڕیزی خۆی لە دەست داو کۆنگرەکەش شکستی هێنا.

وەك لە ژمارە ١ی گۆڤاری کوردستان دا هاتووە کۆمەڵەی ناوبراو بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە دامەزراوە" هەر شەش خاڵەکە دەقاودەق دەنووسمەوە":

١– بەهێزکردنی ئاشنایی لە بەینی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا وە ڕێکخستنی یەکتر دیتنن.

٢– هانینەدی یارمەتی دانی مادی لە بەینی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا.

٣– مشووردان و بەرزکردنەوەی زانستی نیشتمانی کورد.

٤– گەیاندنی زانستی و چۆنیەتی گەل و وڵاتی کورد بە جیهان.

٥- ئاشنایی پەیداکردن لەگەڵ کۆمەڵە خوێندکارەکانی بێگانە وە یارمەتی دان لەگەڵ یان دا ئەوەندەی ئامانج و کەڵکیان ڕێگا ئەدا.

٦- دەرکردنی گۆڤارێك بۆ جیّ بە جیّ کردنی ئەو ئامانجانە "

گەنجینەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا پڕە لە چالاکی هەمەجۆر و هەمەڕەنگ، چەندان کەس ئەم کۆمەڵەیە بە باڵێۆزخانەی کورد و خەڵکی کوردستان دەدەنە قەڵەم، بەڵام سەرتۆپی چالاکییەکانی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵەکە بووە.

- کۆنگرەکانی کۆمەڵە

سەرەڕای ریزبەند و گێڕانەوەی مێژوویی بۆ کۆنگرەکانی کۆمەڵە، هەڵوەستەش بۆ چەند ڕووداوێك دەکەم کە مەبەستمە:

- **کۆنگرەی دامەزراندن**، 10-1956/8/16 شاری فیزبادن لە ئەڵمانیای فیدراڵ: لەم کۆنگرەیەدا تەنیا ١٧ خوێندکار بەشداربوون و گفتوگۆیەکی گەرم سەبارەت بە ناوی کۆمەڵەکە کرا، تا لە کۆتاییدا لەسەر ئەم ناوە وەستان: کۆمەڵەی زانستی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.

- **کۆنگرەی دووەم**، 2-1958/1/4، لەندەن- بەریتانیا: بیست و دوو خوێندکار بەشداربوون. زۆربەی ئەوانەی لە کۆنگرەکەدا بەشداربوون لە بەریتانیا دەژیان تەنیا دوو کەسیان نەبێت.

- **کۆنگرەی سێیەم**، 4-1958/8/8، میونیخ- ئەڵمانیای ڕۆژئاوا: بیست خوێندکار بەشداربوون، لەم کۆنگرەیەدا ناوی کۆمەڵەکە کرا بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا. ئەندامەکان زیاتر لە وڵاتانی ئینگلتەرا، ئەڵمانیا، سویسرا چووبوون.

- **کۆنگرەی چوارەم**، 23-1959/7/26 ڤیەننا- نەمسا: چل خوێندکار بەشداربوون. لەم کۆنگرەیەدا زۆر جیاواز لە کۆنگرەکانی تر چەندان بروسکەو پەیام خوێندرانەوە کە لەلایەن چەندان کەسایەتی و حزبە کورد و کوردستانییەکان بۆ کۆنگرە ناردرابوو.

- **کۆنگرەی پێنجەم**، 21-1960/8/26،بەرلینی ڕۆژئاوا: حەفتاو دوو خوێندکار بەشداری کۆنگرەکەیان کرد. لەم کۆنگرەیەدا سەرەڕای کاروبارە ڕێکخراوەییەکان و خوێندنەوەی وتاری سەرۆکی کۆمەڵە و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکان، هەر یەکێك لە کامەران بەدرخان و ئیحسان نوری پاشا وتاریان هەبوو. لەم کۆنگرەیەدا شەڕ کەوتە نێوان ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق و حزبی شیوعی عیراقی.

- **کۆنگرەی شەشەم**، 21-1961/8/26، مونیستەر- ئەڵمانیای فیدراڵ: سەدونۆ خوێندکار بەشداربوون. لەم کۆنگرەیەدا عەزیز شەمزینی نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق و کەریم ئەحمەد نوێنەرایەتی حزبی شیوعی عیراقی دەکرد. دیسان لەم کۆنگرەیە کێشە کەوتە نێوان ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق و شیوعیە سوری و عیراقییەکان سەبارەت بە هەڵوێستی کۆمەڵەی خوێندکاران بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی عیراق و سوریا.

- **کۆنگرەی حەوتەم**، 9-1962/8/15، براونشفایك- ئەڵمانیای فیدراڵ: سەدو دە خوێندکار بەشداربوون. شوێنی بەستنی کۆنگرەکە لە لایەن حزبی سۆشیال- دیموکراتی نەمسا دابینکرابوو.

- **کۆنگرەی هەشتەم**، 9-1963/8/15، مونشن- ئەڵمانیای ڕۆژئاوا: سەدو پەنجاو شەش خوێندکار بەشداربوون. لەم کۆنگرەیەدا جەلال تاڵەبانی نوێنەرایەتی شۆڕشی کوردستانی باشووری دەکرد. لەم کۆنگرەیەدا محەمەد مەهدی جەواهیری شیعری" کوردستان ئەی وڵاتی قارەمانان"ی خوێندەوە.

- **کۆنگرەی نۆیەم**، 3-1964/8/9، هانۆڤەر- ئەڵمانیا: سەدو هەشتاو سیّ خوێندکار بەشداربوون. ئەو کاتە پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق ببوو بە دوو

لەت، لە كۆنگرەدا بڕیاردرا كۆمەڵە وەفدێكی نێوەندگیری بۆ كوردستان بنێرێت، وەفدەكە بریتی بوو لە عیسمەت شەریف وانلی و كەمال فوئاد.

– **كۆنگرەی دەیەم**، 17–1965/8/22، بەرلینی رۆژئاوا: سەدو سی و سێ خوێندكار بەشداربوون. نوێنەرانی چەندان كۆمەڵە و رێكخراوی خوێندكاریی لەسەر ئاستی جیهاندا بەشداربوون، زۆربەیان وتاریان پێشكەشكردووە و پشتگیریان لە كۆمەڵە و كێشەی خەڵكی كوردستان كردووە.

– **كۆنگرەی یازدەم**، 26–1966/8/30، بەرلینی رۆژئاوا: سەدو حەڤدە خوێندكار بەشداربوون. لە كۆنگرەكەدا حیلمی عەلی شەریف وەك نوێنەری پارتی دیموكراتی كوردستان– باڵی مەكتەبی سیاسی و ئیسماعیل عارف وەك نوێنەری پارتی دیموكراتی كوردستان– باڵی بارزانی وتاریان پێشكەشكردووە، لە وتارەكانیاندا ئەندامانی كۆنگرەیان نیگەران و رەشبینتر كرد، چونكە هەردووكیان زۆر حزبی و بیرتەسكانە بەرگریان لە پارتەكانی خۆیان دەكرد

– **كۆنگرەی دوازدەم**، 27–1967/12/31،بەلگراد: دووسەد و دوانزدە كەس بەشداری كۆنگرەكەیان كردووە. بڕیاربوو ئەم كۆنگرەیە رۆژانی ١٧ تا ٢٢ی ئابی ١٩٦٧ لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا سازبكرێت، بەڵام نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی نەمسا هەفتەیەك پێش ئەو مێژووە لقی نەمسای كۆمەڵەی ناوبراوی ئاگادار كردەوە لەسەر داخوازی باڵیۆزخانەی عیراق لە نەمسا رێگا نادەین ئەو كۆنگرەیە لە نەمسا سازبكرێت . بە پەلە سكرتێری كۆمەڵە چەند كۆبوونەوەیەكی كرد تا لە ئەنجامدا بەهۆی پەیوەندی باشی كەمال خۆشناو سكرتێری كۆمەڵە لە یوگسلاڤیا لەگەڵ یەكێتیی خوێندكارانی یوگسلاڤیا شوێنی سازدانی كۆنگرەكە لەو وڵاتە دابینكرا. لەوێش حكومەتی عیراق هەوڵیدا كۆنگرەكە نەكرێت، بەڵام حكومەتی یوگسلاڤیا گوێی بە داواكەی عیراق نەدا.

لە كۆنگرەكەدا بۆ دەستەی سكرتاریەت سێ كەس هەڵبژێردران" كەمال فوئاد لە باڵی مەكتەبی سیاسی. محەمەد ساڵح جومعە لە باڵی بارزانی. جەوهەر شاویس لە حزبی شیوعی عیراقی. بۆ كۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیش بە سازان ئەم كەسانە هەڵبژێردران: دارا عەتار و حوسێن بارزانی لە باڵی بارزانی. لەتیف رەشید و دارا ئەدیب لە باڵی مەكتەبی سیاسی. جەمشید حەیدەری و هیوا بەهجەت لە حزبی شیوعی عیراقی. سەردار ئاراراتی بێلایەن.

– **كۆنگرەی سیازدەم**، 11–1969/8/17، بەرلینی رۆژئاوا: ئەم كۆنگرەیە بە بەشداری ٢٤٢ ئەندام و ژمارەیەك لە میوان بەڕێوەچوو. جۆرێك لە ئیفلیجبوون بە كۆنگرەكەوە دیاربوو چەندان ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و دەستەی بەڕێوەبەرێتی گشتی ئامادەنەبوون، یاخود خۆیان كاندید نەكرد.

– **كۆنگرەی چواردەم**، 1–1970/8/5، ستۆكهۆڵم– سوید: سەدو سی و پێنج ئەندام بەشداربوون، تەنیا١٧ كەسیان لە سوید بوون. یەكەم جاربوو كۆمەڵە بانگهێشتی باڵیۆزی عیراق لە دەرەوە بكات، لەم كۆنگرەیەدا باڵیۆزی عیراق لە سوید بەشدار بووە و وتاریشی پێشكەشكردووە، چونكە كۆنگرەكە لەسەروبەندی ئیمزاكردنی رێككەوتنی١١ی ئازار بووە لەنێوان حزبی بەعس لە عیراق و پارتی دیموكراتی كوردستان– عیراق

– **كۆنگرەی پازدەم**، 15–1972/8/19، بوخارست– رۆمانیا: دووسەد و شست ئەندام بەشدار بوون. دیسان حكومەتی عیراقی فشاری خسبووەسەر حكومەتی نەمسا تا ئەم كۆنگرەیە لە وڵاتەكەی سازنەكرێت، ئەگەرنا بڕیاربوو هاوینی ساڵی ١٩٧١ لە وڵاتی نەمسا سازبكرێت. ئەوەی سەیرە دوای ئەوەی رۆمانیا رێگا دەدات كۆنگرەكە لەوێ سازبكرێت و كارئاسانیش بۆ

ئەوانە دەکات کە لەدەرەوەی رۆمانیا دێن، نوێنەری حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی عیراقیش بەشداربووە .

– **کۆنگرەی شازدەم**، 16–1973/8/19، بەرلینی رۆژئاوا: ئەم کۆنگرەیە بە بەشداربوونی سێسەد ئەندام کاروبارەکانی بەڕێوەبردووە. ئەم کۆنگرەیە زیاتر لە کۆنفرانسێکی حزبی دەچوو، زۆرترین ئەندامانی کۆنگرە ئەندامی یەك حزب بوون و دەیان ئەندامی پێشووی کۆمەڵە ئامادەنەبوون بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکەن.

– **کۆنگرەی حەڤدەم**، 27–1975/8/28، بەرلینی رۆژئاوا: ئەمە دوا کۆنگرەی کۆمەڵەی ناوبراوە و بەهۆی شکستی شۆڕسی ئەیلول ١٩٧٥ کۆمەڵەکەش پەرتەوازە بوو .

 سەرکردە و کەسایەتییە دیارەکانی کۆمەڵە:

زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی سەرکردەو ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوون بە مەبەستی خوێندن روویان لە ئەوروپا و وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی کردبوو، ئەمانە تەنیا چەند ناوێکن ئەگەرنا کۆمەڵە پێش ئەوەی پەرتەوازە ببێت نزیکەی ٩٠٠ ئەندامی هەبوو: ئەحمەد زەمچی، ئەحمەد رەسووڵ بەدیع قوتب، تەحسین محەمەدئەمین هەورامی، دانیش عارف، مەحموود شێخمووس، کەمال مەزهەر، سەلاح حەفید، مارف خەزنەدار، کەمال محەمەد سەعید، دارا رەشید، کاوس قەفتان، خالید خاڵ حەسەن زولفەقار، دارا تۆفیق، سەعدی ئەمین دزەیی، تاهیر خەفاف، زاهیر حوسێن، عیسمەت شەریف وانلی، عومەر رەمزی، فوئاد ساڵح رەشە، مەحموود کانەبی، مستەفا قازی، نورەدین زازا، یوسف ئەدیب، ئیحسان فوئاد، عومەر دزەیی، ئیبراهیم دزەیی، ئەرجومەند سدیق، عومەر شێخمووس، عیزەددین مستەفا رەسووڵ نازدار رەشید جەودەت. زاهیر مەلا حوسێن، کەمال فوئاد، قادر دیلان، یوسف زۆزانی، سەڵاح سەعدوڵڵە، نەجیب خەفاف، نەجمەدین کایا، جەمشید حەیدەری، حەسەن محەمەد عەلی، مستەفا سەیدۆ، رەفعەت ئیبراهیم... هتد .

 ئەدەبیاتی کۆمەڵە:

ئەدەبیات بریتیە لە نووسراو، بانگەواز، کارت، لافیتە، ڤۆڵدەر، رۆژژمێر بەیاننامە، کتێب، بڵاوکراوە و گۆڤار. کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا خاوەنی ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندە لەو بوارەدا بە تایبەتیش لە بواری رۆژنامەگەریی و بەیاننامە و بانگەوازدا. ئەو رێکخراوە بە زمانەکانی کوردی"بەهەردوو پیتەکە"، ئینگلیزی ، عەرەبی، تورکی، فارسی، فەرەنسی، ئیتاڵی، ئەڵمانی، هۆڵەندی، سویدی... هتد پەیامی خۆی ئاراستە و بڵاوکردۆتەوە. ئەو چالاکییانە زیاتر لقەکانی کۆمەڵە بەڕێوەیان دەبرد، کۆمەڵە لقی لەم وڵاتانە هەبووە" ئینگلستان، فەرنسا، سویسرا، نەمسا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیای رۆژئاوا، بەرلینی رۆژئاوا، دانیمارك، سوید، ئەڵمانیای دیموکراتی، چیکۆسلۆڤاکیا، هەنگاریا، پۆلۆنیا، رۆمانیا، یوگۆسلاڤیا، بولگاریا، یەکێتی سۆڤیەت ". زۆربەی لقەکانیش چالاك بوون. کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی، سەرپەرشتی کۆمەڵەی دەرکرد بۆ سازدانی کۆنفرانسی لقەکان و کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵە و ئاراستەکردنی رێنمایی بۆ لقەکان.

ئەو ئەدەبیاتانەی کۆمەڵە بە چەندان شێوە و شێواز بڵاودەکرانەوە بە تایبەتیش لە چالاکییەکانی کۆمەڵەدا کە بریتی بوون لە " ئاهەنگ و کۆبوونەوە رێك خستن و سیمینار و خۆپیشاندان و کۆنگرە و میهرەجانی لاوان و قوتابی یانی جیهان و وڵاتانی ئەوروپا و گەلێکی تر ".

ئەوەی زیاتر بۆتە ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی کۆمەڵە و لێکۆڵەران دەتوانن کاریان لەسەر بکەن، بەیاننامە و بڵاوکراوە و گۆڤارەکانی کۆمەڵەیە. لەم باسەدا من وەك بەڵگەی باوەڕپێکراو ئاماژەم پێداون و بەکارمهێناون. بۆ بەیاننامەکان ساڵی ٢٠٠٩ زۆربەی هەرەزۆریانم لە کتێبێکدا بڵاوکردوونەتەوە و بڵاوکراوە و گۆڤارەکانی

ئەمانەن: کوردستان ،HEVIYA WELET ، پڕشنگ، رۆژنامەی المبدئ، القافلە، ١١ ایلول، نەورۆز، نوروز، DENGE ،Die Kurdische Revolution KOMELE دەنگی کۆمەڵە، KSSE INFORMATION، نشرە دوریە عامە، پێشڕەو، Kurdish news

**پشتیوانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە شۆڕشی ئەیلول:**

ئەگەرچی لە کۆبوونەوەکانی دەستپێکی دامەزراندنی کۆمەڵەکەدا بە هێناوەی کۆمەڵێك پاساو و بیانوو هەوڵیاندەدا رێکخراوەکە دابماڵن لە چالاکی سیاسی، کاری کۆمەڵەکە تەنیا لە چالاکی رۆشنبیریی و زانستی سنووردار دەکرد، هەربۆیە ناوی کۆمەڵەکەشیان ناونا کۆمەڵەی زانستی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا. ئەگەرچی دامەزرێنەر و ئەندامانی کۆمەڵە زۆربەی هەرەزۆریان لە دەستەی پێشەوەی نیشتمانپەروەری و رێکخەری ژیانی حزبی و سیاسی بوون لە کوردستان، بەڵام پێویستە ئەوە فەرامۆش نەکەین کە لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگا بوون، واتە لە چینی بۆرژوا و موڵکداری کوردستان، بەڵام لە کۆنگرەی سێدا زاراوەی زانست لە کۆمەڵەکە لابرا و دەستی بە چالاکی هەمەجۆر کرد و خۆی دانەبڕی لە دۆخە سیاسییەکەش، ئەمەش بەو واتایە نیە پێشتر کۆمەڵە خۆی دابڕیبێت لە مەسەلەی کورد و نیشتمانەکەی، لە بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمیندا ساڵی ١٩٥٦ کۆمەڵێك هەقیقەتی مێژوویی ئاماژەیان پێدراوە .

بوونی رێکخراوێکی لەو شێوەیە و بوونی کۆمەڵێك تێکۆشەر لەنێو ریزەکانی رێکخراوەکەدا بووە دەریچەیەك بۆ باشترناساندنی کێشەی کورد بە ناوەندەکانی بڕیار لە ئەوروپا و هەوڵدان بۆ گۆڕینی رایگشتی وڵاتەکان بەرامبەر بە کێشەکە، بە تایبەتیش دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول و ئەو تاوانانەی بەغدا لە بۆردومان و دەستگیرکردن و زیندانیکردن بەرامبەر بە کورد و خەڵکی کوردستانی باشوور پیادەی دەکرد، بێگومان کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە بوواری چالاکی فیکری و سیاسی و چاپووکی رووناکبیران و خوێندکارانی کورد بە تایبەت لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا ، بە تایبەتیش دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول کۆمەڵەی ناوبراو چالاکییەکانی گەرمتر و چڕتر کرد، لەو رووەوە ئەگەر سەیری بانگەواز و بەیاننامە و ژمارەکانی گۆڤاری " کوردستان– ئۆرگانی کۆمەڵە" بکرێت هەست بەو چالاکییانە دەکرێت، " خەباتێکی شێلگیرانەیان بۆ ناساندنی کێشەی کورد لە دەرەوە " دەست پێکرد.

ئەگەرچی لە ناوەڕستی ساڵی ١٩٥٨دا پارتی رێکخراوی خۆی لە ئەوروپا دامەزراند و لەژێر ناوی " رێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا" دەستی بە چالاکی کرد، بەڵام لەبەرئەوەی هەم رێکخراوەکە تازە بوو کە شۆڕش هەڵگیرسا، هەم لە ناوەندە دەولییەکان نەناسرابوو، رێگاش نەدەدرا بە رەسمی کار و چالاکی بکات، هەروەها ئەم رێکخراوەش هەبوو " کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد" کە زۆربەی ئەندامەکانی لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی ناوبراو بوو، بۆیە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ناوەندی سەرەکی پشتیوانی و هاوپشتی بوو بۆ شۆڕشەکە و" تاکە ناوەندێك بوو کە ئێمە وەك باڵیۆزخانە و باڵیۆز بووین بۆ شۆڕش، پڕوپاگەندەمان بۆ شۆڕش دەکرد. لە نێوان لقەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران پێشبڕکێمان دەکرد تا بزانین کام لق زۆرترین کۆمەك بۆ شۆڕش کۆدەکاتەوە... کارەکان زۆربوون بۆ نموونە ئەو یاداشتنامانەی پارتی کە بە دەستمان دەگەیشتن بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و رووسی .... هتد وەرماندەگێڕان و بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن و

سەنتەرەکانی بڕیاری وڵاتان و حزب و ڕێکخراوە ئەوروپی و ئەمریکیەکانمان دەنارد .

بە خوێندنەوە و سەیرکردنی ئەدەبیاتەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا دەردەکەوێت کە بە چ هێز و وزەیەك پشتگیری و کۆمەکیان بۆ سەرکەوتنی شۆڕش کردووە، تەواوی ئەدەبیاتەکەی خۆیان لە خزمەتی پێشمەرگە و دۆخی ئەویٚ ڕۆژێی کوردستان داناوە، سەرەڕای جارێکی تر چاپکردنەوەی ئەدەبیاتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەورووپا و بڵاوکردنەوەیان بە شێوەیەکی بەرفراوان، هەوڵیاندەدا پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسانی بێگانە ببەستن تا هەواڵەکانی شۆڕشیان پێبدەن یاخود رازییان بکەن سەردانی کوردستان بکەن بە مەبەستی گواستنەوەی ڕووداوەکان، سەرەڕای پەیوەندیکردن بە کەسایەتی و ناوەندەکانی بڕیار لە ئەورووپا و ئەمریکادا. سکرتێری کۆمەڵە کە یەکێك بووە لە نوێنەرانی شۆڕش دەرەوەدا لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشدا دووجار سەردانی کوردستانی کردووە" بۆ زانینی ئێوەی بەڕێز من ئەو ساڵە دووجار، بۆ جێبەجێکردنی هەندێك کاروبار کە پەیوەندیی بە حیزب‌و شۆڕشەوە هەبوو هاتمەوە بۆ کوردستان... پاش گەڕانەوەم بۆ ئەورووپا نوسخەی هەموو ئەو وێنانەی لەو سەفەرەدا گرتبووم بۆ (مەکتەبی سیاسی)م ناردەوە کە ئەوکاتە لە (عیساوێ ) بوو، نەك هەر بۆ ئەوان بەڵکو بۆ هەموو لقەکانی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا)، هەر لە بەریتانیاوە تا کۆمارەکانی خواروی ڕۆژهەڵاتی (یەکێتی سۆڤیەت)، ئەوانیش زۆر بەباشی سوودیان لێوەرگرتبوو، لەزۆر بۆنەدا لەسەر پەردە (شاشە) پیشانیان دابوو، چونکە من وێنەکانم بە (سلاید)ی ڕەنگاوڕەنگ گرتبوو، ئەو کاتە (ڤیدیۆ) لەئارادا نەبوو، (سلاید) باوبوو ". ئەگەر سەیری ئەدەبیاتەکانی کۆمەڵە بکەین دەیان وێنەی لەوجۆرە بڵاوکراونەتەوە، دوای سۆراغکردن بۆم دەرکەوت زۆربەی وێنەکان کاتی خۆی د. کەمال فوئاد بۆ لق و ئۆرگان و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ناردووە.

**بەشی دووەم: ئەدەبیاتەکانی کۆمەڵە و شۆڕشی ئەیلول لەسەرەتادا:**

ئەرکی هەر کارێکی مێدیایی گەیاندنی ڕووداوە، شێوە و میکانیزمی ئەو گەیاندنەش پەیوەستە بە هۆکارەکانی گەیاندن و ڕۆژگاری ئامێرەکان، بۆ نموونە ناکرێت دوێنێ بە ئەمڕۆ بەراورد بکەین، هەروەها ئەمڕۆ و ئایندەش ناخرێنە یەك تای تەرازوو.

ئەگەرچی زۆربەی بڵاوکراوە و گۆڤارەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد هەڵگری ناسنامەی ڕۆژنامەوانی گشتیین، بەڵام وەنەبێت خاوەن ناسنامەی تایبەت بە خۆیان نەبێت، بە تایبەتیش ئەوانەی بە زمانەکانی تر چاپ و بڵاوکراونەتەوە. بەڵام هەڵگیرسانی خەباتی چەکداریی لە کوردستانی باشووردا زۆربەیانی لەژێر یەك ناسنامەدا کۆکردەوە ئەویش گەیاندنی ڕووداوەکانی مەیدانە کە بریتی بووە لە قوربانی، بەرخۆدان، بەرگری، هاندان، هەروەها گەیاندنی پەیامی شۆڕش و مافی ڕەوای نەتەوەکەمان.

ئەوسا ١٩٦١– ١٩٧٠ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا تەواوی هۆکارەکانی گەیاندنی خۆی خستبووەگەڕ، کە بریتی بوون لە" هەواڵنامەی خێرا، پەخشنامە، بڵاوکراوە و گۆڤارەکانی، ئەمەو سەرەڕای بەڕێوەبردنی کۆڕ و سیمینار و ڕێپێوان و خۆپیشاندان، چاپکراوی لە شێوەی بەیاننامە و بانگەواز.

بۆئەوەی باشتر لە پەیام و ئامانجی ئەدەبیاتەکانی کۆمەڵەی ناوبراو بگەین لە کاتی شەڕدا، باسەکە بەسەر ئەم ناونیشانانەدا دابەشی دەکەم:

– **وتار**:

وتار وەك هەر کارێکی نووسین پەیوەستە بە هونەرکاری، ئەوەی وتاری ڕۆژنامەنووسی لە وتاری ئاسایی جیادەکاتەوە پوخت و کورت، هەڵگری پەیامێکی

گەرمە. زۆربەی بەرهەمە رۆژنامەگەرییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا گرنگیان بە بڵاوکردنەوەی وتار داوە. گۆڤاری " کوردستان" ئۆرگانی کۆمەڵەی ناوبراو بووە، لەو ١٧ ژمارەیەی کە لە ١٩٥٨-١٩٧٤ بڵاوبۆتەوە، لە زۆربەی هەرەزۆریاندا سەروتاری تێدایە وەك راوبۆچوونی رەسمی کۆمەڵە. ژمارەکانی ٩-١٠، ١١-١٢، ١٣، ١٤ لەو ماوەیە چاپ و بڵاوکراونەتەوە پەیوەستن بە سنووری بابەتەکەی ئێمە. بۆ نموونە سەروتاری ژمارە ٩ و ١٠ی گۆڤاری" کوردستان" تەرخانکراوە بۆ ئەو تاوانەی عەبدولکەریم قاسم دەرهەق بە خەڵکی سڤیل لە کوردستانی باشووردا کردوویەتی و پشتیوانی، هەروەها پاڵپشتی کۆمەڵەیان بۆ شۆڕشی ئەیلول دووپاتکردۆتەوە.

هەر لەو رۆژگارەدا بە دیاریکراویش لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٩ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد- لقی بەریتانیا دەستیان بە دەرکردنی گۆڤارێك کردووە ناویان لێناوە " ١١ی ئەیلول " لەبەرئەوەی ئەو رۆژە رۆژێکی خۆشەویستە لەلایەن رۆڵەکانی خەڵکی کوردستان بۆیە گۆڤارەکەیان بەو ناوە کردووە، دەستەی نووسەران لە سەروتارەکەیاندا

پێیان وایە لە ماوەی رووداوەکانی شۆڕشی ئەیلولدا لە هەندێك شوێندا بەغدا کۆمەڵکوژی کردووە. بەڵام لقی یوگسلاڤیا لە سەروتاری گۆڤارەکەیان لەبەردەم قارەمانێتی شەهیدەکان دەوەستن کە خاکی کوردستانیان بە خوێنی پاکیان ئاوداوە

" ئێمە ئەم چەپکە هەڵبەستە پێشکەش ئەکەین بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە لە سەنگەری سەختی وڵاتن و خوێن ئەرێژن لە پێناوی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عیراق... ئەم چەپکە هەڵبەستە پێشکەش ئەکەین بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە ئەمڕۆ لە کوردستانی عیراق ریزی تێکۆشان ئەبەن بەڕێوە تا میللەتەکەمان بگات بە ئامانجی پیرۆزی خۆی... لە دوایدا پێشکەش هەموو کوردێکی دڵسۆزی ئەکەین لە دەرەوەی وڵات کە پاڵپشتی شۆڕش ئەکەن و ناوەستن لە رێ ی پتەوکردنی ریز و خۆشکردنی بلێسەی شۆڕش لە کوردستانی عیراق " ئەمە سەروتاری گۆڤاری " نەورۆز " بوو.

" ئەرکە پیرۆزەکانی " HEVYA WELET " وتارێکی کەمال فوئاد- ە لە ژمارە دووی گۆڤاری " HEVYA WELET" بڵاوبۆتەوە، وتارەکە بەناوی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی کۆمەڵە ئاراستەی گۆڤارەکە کراوە، سەرەرای ئاماژەدان بە ئەرکە پیرۆزەکانی گۆڤارەکە کە لە سێ خاڵ کۆکراونەتەوە، بەڵام پێی وایە نەتەوەکەمان" بەرەنگاری هێرشێکی نارەوا و درندە ئەبێ لە بەشێکی وڵاتەکەمان واتە لە کوردستانی عیراق کە گەلی کوردمان بە پلەیەکی سەختی تێکۆشانا تێ ئەپەڕێ لە پێناوی هێنانەدی مافی نەتەوایەتی و دەیمۆکراتەکانی لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و ریژیمێکی دیموکراتی پەرلەمانی بۆ عیراق. ئێستا پاش دوو ساڵ و نیو بۆمباباران و کوشتن و برین و گرتن و گیران و ئازار و چەسانەوە و پاش ئەوەی سێ مانگ زیاتر تێ پەری بەسەر شەڕ وەستاندنا لە نێوانی سوپای عیراقی و شۆڕشگێڕانی کوردستان تا ئێستا هیچ مافێك بە گەلەکەمان نەدراوە "

گۆڤاری "پرشنگ" یەکێکە لە گۆڤارە سەنگینەکانی کۆمەڵەی ناوبراو وەك لەسەر بەرگی نووسراوە" گۆڤارێکی وێژەیی زانستی کۆمەڵایەتی"یە. لەو چوار ژمارەیەی لێیدەرچووە، چەندان دەقی ئەدەبی بەرەنگاریی نووسەرە دیار و ناسراوەکانی کوردی بڵاوکردۆتەوە. لە"وتاری پرشنگ"دا دیارە بۆچوونی رەسمی گۆڤارەکەیە و ئیمزای دەستەی نووسەرانی لەسەر داندراوە خۆیان بە سەربازێکی دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمان دەزانن" لە کاتێکدا گەلی کوردمان لە هەموو مافێکی زانیاری و نەتەوایەتی بێ بەشە، سەرەڕای ئەوەش تەنیا لەبەرئەوەی داوای کەمترین مافی زانیاری و نەتەوایەتی خۆی ئەکات ماوەی

پێنج ساڵە، لە بەشێکی وڵاتەکەیا، لە کوردستانی عیراق، بەرەنگاری هێرشێکی دڕندانە ئەبێت کە ماڵ و دێهاتی تیا وێران ئەکرێن و ئافرەت و منداڵی ساوا و پیر و لاوی تیا ئەکوژرێن و دەربەدەر ئەکرێن، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، کە هەمیشە سەربازێکی دڵسۆز بووە لە پێناوی چاکە و سوودی گەل و نیشتمانی خۆشەویستمانا ".

بۆ هەڵبژاردنی ئەو چەند دێڕ و پەرەگرافە لەنێو چەندان وتار و نووسیندا لە دووتوێی بڵاوکراوە و گۆڤارەکانی کۆمەڵەدا تاکە مەبەستمان لێی بەیانکردنی هەڵوێست و بۆچوونی کۆمەڵەیە سەبارەت بە ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلول.

– **هەواڵ:**

هەواڵ ستوونێکی پتەو و سەرەکییە لە ڕۆژنامە و کاری ڕۆژنامەوانیدا، ڕۆژنامە واتە هەواڵ و هەواڵیش واتە رووبەری فراوانی ڕۆژنامە. ئەگەر تەواوی هونەرەکانی دنیای ڕۆژنامەگەریی قابیلی گۆڕانکاریی و دەستکاریکردن بن، بەڵام دارشتنی هەواڵ وەك بیردۆزێکی ماتماتیکی لەم ریزەبەندە زیاتر قبوڵ ناکات کێ؟ لە کوێ؟ کەی؟ بۆچی؟ بۆ، چۆن؟

ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا هەوڵیانداوە زۆرترین زانیاری دەستبخەن و بڵاویان بکەنەوە، کە شۆڕشی ئەیلول ڕوویدا، زۆرترین ڕووبەریان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش تەرخانکردووە، بۆئەوەی کۆمەڵە لە ڕووداوە خێراکانی کوردستان دانەبڕێت ناوە، ناوە سەرەڕای گۆڤار و بڵاوکراوەکانی لە شێوەی بەلاغدا هەواڵەکانی شۆڕشییان بڵاوکردۆتەوە. بۆ نموونە لەژێر ناوی" دەنگ و باسی کوردستان" ئەم هەواڵانەی بڵاوکردۆتەوە:

– لە دوو مانگی رابردوودا لە نێوانی هێزەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و هێزەکانی دەوڵەتی عیراق بە تایبەتی لە ناوچەی پێنجوین چەند شەڕێکی گەورە و گران ڕووی دا، لەم شەڕانەدا هێزەکانی حکومەت گەلێك زیانیان لێ کەوت. بە گوێرەی دەنگ و باسی گەیشتوو زیاتر لە ٥٠٠ کەس لەم شەڕانەدا کوژران و زیاتر لە ٨٠٠ لە هێزەکانی میری بریندار کراون.

– بە گوێرەی بەیانی سەرکردایەتی شۆڕش لە دەست پێکردنی شەڕەوە هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٦٥ زیاتر لە ٨٠٠٠ کەس لە هێزەکانی حکومەت کوژراون و زیاتر لە ٤٠٠٠ کەسیان لێ بریندار کراوە وە نزیکەی ١٠٠٠ کەس لە هێزەکانی حکومەت چوونەتە پاڵ شۆڕش.

لەو ژمارانەی گۆڤاری " کوردستان" کە لەماوەی شۆڕشی ئەیلول چاپ و بڵاوکراونەتەوە، دەیان هەواڵ و راپۆرتە هەواڵی تایبەت بە ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلول تێدایە کە لە ڕۆژنامەکانی" The Times, The Observer, Daily Teiegraph, The Sunday times, The Guardian, Le Monde، ... هتد" وەرگیراون و جارێکی تر بڵاوکراونەتەوە، هەروەها لە ژمارە ١٤ دا مەلەفێکی ٨ لاپەرەیی لە ژێر ناونیشانی" Kurdistan and the press– کوردستان و ڕۆژنامەکان" بڵاوکراوەتەوە کە بریتین لە چەندان وتار و راپۆرتە هەواڵی پەیوەست بە هەمان ڕووداو.

لە ژمارە ٢ی گۆڤاری ١١ی ئەیلول لەژێر ناونیشانی هەواڵنامەی هەفتەیی لە ئێستگەی دەنگی کوردستانی عیراق دا کۆمەڵێك هەواڵیان لە ئێستگە ئەنسات کردووە و پاشان لە گۆڤارەکەدا بڵاویان کردۆتەوە، ئەمە هەواڵێکیانە" لە دەڤەری هەولێر یەکێك لە مەفرەزەکانمان ڕۆژی ٢٦ی تشرینی دووەم لە دەوروبەری هەولێر هێرشی کردە سەر کاروانێکی پۆلیس کە پێکهاتبوون لە سێ ئۆتۆمۆبیلی چەکدار، پێکدادان سێ کاتژمێری خایاند دوای ئەوەی ٣ مفەوەز و ٣ پۆلیسیان لێکوژرا کاروانەکە شکاو بەرەو ناو هەولێر گەڕایەوە "، هەواڵێکی تر" بۆمبێك لەژێرئۆتۆمۆبیلێکی سەربازی لە

چەشنی لۆری تەقییەوە بووە هۆی کوژرانی ٥ سەرباز و بریندابوونی دووانی تر، ئۆتۆمۆبیلەکە بە تەواوی تێکشکێنرا ". هەروەها لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری" کوردستان" هەواڵی خۆپیشاندان و مانگرتنی لقەکانی کۆمەڵە لە ئەوروپادا بڵاوکراوەتەوە، کە داوای ئاشتی و ئازادی بۆ کوردستان دەکەن و هەوڵیانداوە رایگشتی ئەوروپی بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ئەیلول رابکێشن.

– **وێنە:**

بڵاوکردنەوەی وێنە لە رۆژنامەدا هیچی کەمتر نیە، لە هونەرەکانی تری رۆژنامەوانی، بەڵکو گەلێجار هێزی وێنە، لە هێزی چەندان دێڕ و پەرەگراف کاریگەرترە.

لە ماوەی شۆڕشی ئەیلولدا چەندان رۆژنامەنووسی ئیرانی و ئەوروپی سەردانی بەرەکانی شەڕ و ناوچە ئازادکراوەکانیان کردووە، بەڵام زۆرترین وێنە لە لایەن د. کەمال فوئاد گیراوە، چونکە لە سەرەتای شۆڕشدا دووجار سەردانی کوردستانی باشووری کردووە و سەدان وێنەی پێشمەرگە و بەرەکانی شەڕ و ژیانی ئاسایی خەڵکی لە ناوچە ئازادکراوەکان گرتووە، وەك دەزانرێت د. کەمال هەر ئەوکاتەش سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بووە. بەڕای من ئەو وێنانەی لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ناوبراو بڵاوکراونەتەوە، زۆربەیان هی ئەون. بۆ نموونە لە ژمارە ١٣ی گۆڤاری کوردستان ئاماژە بە سێ وێنە دەدەین کە لاپەڕە ٢٠ و ٢٣ بڵاوکراونەتەوە، ئەوەی لاپەڕە ٢٠ وێنەی تۆپێکی چوار میلی پێشمەرگەیە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك لە بەرەکانی شەڕ لە رواندز. بەڵام لە لاپەڕە ٢٣دا دوو وێنە بڵاوکراوەتەوە، یەکێکیان سەرکردەیەکی پێشمەرگەیە بە دووربین سەیری بەرەی شەڕ دەکات، ئەویتریش سێ پێشمەرگەن یەکێکیان دووزەلە یاخود شمشاڵ لێدەدات، هەر لەو ژمارەیەدا چەندان وێنەی تری پێشمەرگە و ناوچە ئازادکراوەکان بڵاوکراونەتەوە، هەروەها لە ژمارەکانی تریش بەهەمان شێوە ژمارەیێك وێنە دێنەبەرچاو، بۆ نموونە لە لاپەڕە ١٠ لە ژمارە ١١ و ١٢ وێنەی گوندێك بڵاوکراوەتەوە کە بۆمباباران کراوە. لە لاپەڕە ٣ی ژمارە ٩ و ١٠ وێنەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشەری لەشکری شۆڕشگێڕیی کوردستان داندراوە لە کاتی مەشق و راهێناندا. ئەمەو نابێت ئەوەش لەبیر بکەین لەو ژمارانەی گۆڤاری کوردستان کە لە رۆژگاری شۆڕشی ئەیلول دەرچوونە وێنەی خۆپیشاندانی لقەکانی کۆمەڵە لە پراگ، پۆڵەندا، سوید لەندەن.. هتد بڵاوکراونەتەوە کە پشتگیری لە شۆڕشی خەڵکی کوردستانی باشوور دەکەن و دروشمەکانی ئازادی و ئاشتییان بەرزکردۆتەوە.

هەر سەبارەت بە وێنە دەمەوێت ئاماژە بە وێنەیەك بدەم کە لە ژمارە ٢ی گۆڤاری پڕشنگ لە لاپەڕە ١٥ بڵاوکراوەتەوە، کۆمەڵێك پێشمەرگە لە کاتی مەشقی سەربازیدا وەك لە ژێر وێنەکە نووسراوە " هاوینی ١٩٦٣"ە، ئەم دێڕەش بۆ وێنەکە نووسراوە:

پێشمەرگەین بە هەڵمەتین... پاڵەوانی میللەتین

لەپێناوی بەختیاری کوردستان.. بەخت ئەکەین ژیانمان ماڵ و گیان

– **بانگەواز و بەیاننامە:**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا خاوەنی هەزاران لاپەڕەی چاپکراوە، هیچ بۆنەیەك، رووداوێکی سیاسی، نەتەوەیی، نیشتمانی نیە بەیاننامە، بەلاغ، یاخود بانگەوازێکی بڵاونەکردبێتەوە، ئەگەرچی تا ئێستا گەنجینەی کۆمەڵە بە تەواوی کۆنەکراوەتەوە، بەڵام دڵنیام دەرفەتێك دێتە پێشەوە کار لەسەر کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بەڵگەنامەکانی دەکرێت. بە چەند مانگێك پێش رووداوەکانی شۆڕشی ئەیلول کۆمەڵە بە نیگەرانییەوە چاودێری هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانی عەبدولکەریم قاسم–ی دەکرد، کە رووداوەکەش روویدا و پارتی خاوەنداریێتی راگەیاند کۆمەڵە بە گوێرەی توانای

خۆی ئەدەبیاتەکانی لە خزمەتی شۆڕشەکە دانا، لێرەدا ئاماژە بە چەند بەیاننامەیەك دەکەین:

- بيان جمعية الطلبة لاكراد في اوروبا حول المسالة القومية الكردية في العراق... نيسان ١٩٦٣
- بەیانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەربارەی وەزع لە کوردستانی عیراق... ١٩٦٤/١٢/١٨
- وتاری کۆمەڵە لە کۆنگرەی هەشتەمینی یەکێتی خوێندکارانی نێو دەوڵەتی" بە زمانی ئینگلیزییە"... ١١/٢٨– ١٢/٧ ی ساڵی ١٩٦٤
- جمعية الطلبة الاكراد في اوروڤا، بيان الي راي العام العالمي... ١٩٦٥/٤/٢٨
- عاشت الذكري الرابعة لثورة شعبنا المجيدة في كردستان العراق.. ١٩٦٥/٩/١١
- بيان جمعية الطلبة الاكراد في اوروڤا الي الراي العام العالمي... ١٩٦٦/٣/١٧
- بانگێك لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بۆ گەلی کورد بەبۆنەی تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر هەڵگیرساندنی شۆڕشی کوردستانی عیراق دا... ئەیلول ١٩٦٧
- مذكرة جمعية الطلبة الاكراد في اوروڤا الي رئيس الجمهورية العراقية.. ١٩٦٨/٥/٥
- بەیانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بەبۆنەی تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر بەیانی ٢٩ حوزەیراندا... ١٩٦٩/٦/٢٩
- بەیانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بەبۆنەی تێپەڕبوونی نۆ ساڵ بەسەر شۆڕشی سەرکەوتوی کوردستانی عیراق دا.... ١٩٧٠/٩/٩

لە کاتی ئاماژەدان بە ناونیشانی ئەم بەیان و بانگەوازانە ڕەچاوی مێژووی دەرچوونیانم کردووە.

**– دروشم و کارت:**

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کۆمەڵە پێڕەوی دەکرد بۆ پشتیوانی و کۆمەك بە شۆڕش، هۆڵ و سەکۆی کۆنگرەکانی بووە، کە بە چەندان دروشم دەرازێنرانەوە، سەرەڕای لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکاندا، هەروەها لە بۆنەکانیشدا کارتیان چاپ دەکرد، بۆ نموونە چەندان کارتیان چاپکردووە، وێنەی پێشمەرگەکانی کوردستانی لەسەر چاپکراوە، لە کارتێکدا وێنەی مارگرێتی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول چاپکراوە، ئەمە و لە ڕۆژگاری شۆڕشدا زۆربەی کۆنگرەکانی کۆمەڵە لەژێر دروشمێك بووە، کە بەشێك بووە لە بەرنامەی شۆڕش یاخود لەو پێناوەدا خەباتی کردووە، تەنیا ئاماژە بە دروشمی دوو کۆنگرە دەدەم:

- دروشمی کۆنگرەی دەیەم ساڵی ١٩٦٥" ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عیراق.
- دروشمی کۆنگرەی پانزدەهەم ساڵی ١٩٦٦" لەپێناوی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لەسەر بناغەی ئۆتۆنۆمی و دیموکراسی"

هەروەها لەسەر بەرگی پێشەوەی پاشکۆی گۆڤاری نەورۆز، ژمارە ٣، ساڵی ١٩٧٠ ئەم درووشمە نووسراوە: خوشك و برایان بەشداری کردنتان لە کۆنگرەی چواردەمینی کۆمەڵەکەمان پشتگیرییە لە خەباتی گەلی کوردمان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لە پێناوی مافی ڕەوای نەتەوەیی.

**– ئەدەب:**

بە گشتی گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ڕووبەرێکی فراوانیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەبی کوردی تەرخانکردووە، بەڵام لە نێو هەموویاندا گۆڤاری" پرشنگ" و گۆڤاری " HEVIYA WELET– هێڤیا وەلێت". لە ڕۆژگاری شۆڕشی ئەیلولدا ئەو دەقانەی بڵاویانکردوونەتەوە زیاتر دەچنە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە، ئەوە ئەگەر ناوەڕۆکی دەقەکان بەم شێوەیە لێکبدەینەوە، ئەدەبی بەرگری"

ئەدەبێکە بەرگریکەران خۆیان لەناودا دەبینن و لەناودا دەیان بینن و هەموو خەڵك هەستیان پێ دەکەن، ئەم ئەدەبە لەناو تاقیکردنەوەیەکی قووڵی مرۆڤایەتی پەروەردە بووە ئەویش تاقیکردنەوەی جەنگ و بەرگرییە ". ئەو دەقانەی لە چاپکراوەکانی کۆمەڵەی ناوبراودا بڵاوکراونەتەوە بەشێکن لە ژیانی خەڵك و گیانی بەرگری لە ناخی تاکی کورد و خەڵکی کوردستاندا.

گۆڤاری پڕشنگ پێشەنگە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەبی بەرگری کوردی، کەمال مەزهەر لە ژمارە ٢ دا هەڵسەنگاندنێکی بۆ بابەتەکانی ژمارە ١ کردووە و لە سەرەتادا دبێژیت: " لەم رۆژەدا کە لە سەرانسەری کوردستانی گەورەدا تاقە رۆژنامەیێك یا گۆڤارێکی کوردی پێشکەوتوو نییە، دەرچوونی — پڕشنگ- لەو بەرگەدا و دوو لە خاکی نیشتمان و لە چوارچێوەی توانای کۆمەڵێك قوتابیدا نەك تەنیا هەنگاوێکی سەرکەوتووی گەورەیە بەڵکو بەڵگەیەکی نوێ یە لە سنووری خۆی دا کەوا میللەتی کورد زیندووە، کەوا کورد لە چوار قولەی قافەوە سندووقی ئەشتەرخانی هێناوە بۆئەوەی زمانی زکماکی خۆی تیا بپارێزێ لە جن و جانەوەر. — پڕشنگ- ئەمڕۆ بە دوژمنانی میللەتی کورد ئەڵێ: گۆڕ هەڵتەکێنن ئەگەرچی بەری ئاسمانی هەموو کوردستان بە تەمی نارەواتان بتەنن کوردەکە کەلەبەرێك هەر ئەدۆزێتەوە بۆئەوەی تێتان بگەیێنێ کە زمانی کوردی، ئاڵای ئازادی ئەمڕۆی نەتەوەی کوردە، هەر ئەمێنێت تا کوردێك لە کوردستانا مابێت ".

بە هەڵدانەوە و خوێندنەوەی چاپکراوەکانی کۆمەڵە دەبیین چەندان شیعر و چیرۆکی کوردی بڵاوکرانەتەوە، کە ئیلهامیان لە شۆڕش و بەرگری و قوربانیدان وەرگرتووە بە تایبەتیش لە پێشمەرگە و گیانی بەرگری لە شۆڕشی ئەیلولدا.

**پێشمەرگەکەی مەرگ بەزێن، تانکی دوژمن هەڵتەکێنە...**

**من گیانی خۆم دایە دەست تۆ، تۆش ئازادیم بۆ بسێنە....**

ئەمە کۆپلەیەکە لە شیعری دیاری یێك بۆ " پێش مەرگە... " لە نووسینی ئیحسان فوئاد ، ئەم پەرەگرافەی لە پێشەکی شیعرەکەدا داناوە:" بەهۆی هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕشەکەی کوردستانی خواروو- عیراق پاش هێرشە تاوانبارەکەی دام و دەستگای فەرمانڕەوایی عیراقی تاوانبارەوە... "

هەر لە هەمان ژمارەدا چیرۆکێکی (م. خ) بەناونیشانی" نێرگس فرۆش" بڵاوبۆتەوە، نووسەر لە سەرووی ناونیشانەکەدا نووسیویەتی" لاپەڕەیێك لە — مەڵبەندی بەفر و گوڵ دا". سەیری ئەم وێنەیە بکەن لە مەیدانی بەرگری و خەبات دا چۆن وەسفی حاڵەتێکی ژیانی پێشمەرگایەتی دەکات:" ئازاد و شێرزاد لەسەر سك پاڵ کەوتبوون، لە کونی بەینی هەردوو تاشەبەردەکەی سەر لووتکەی دەربەند پاسەوانی رێگەی ناو دۆڵەکەیان ئەکرد. ئازاد دەسەسڕە سوورەکەی سەر باخەڵی دەرهێنا و لە پشتەوە بە پێش مەرگەکانی پیشان دا، ئەوانیش حەوت کەس بوون لە پشت ئەوانەوە لەناو قەدپاڵێکی لووتکەی شاخەکەدا خۆیان مەلاس دابوو و چاوەڕێ ی فەرمان بوون " لە چیرۆکەدا زووم خراوەتە سەر گۆشەیەك لە گۆشەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی ئەویش: " ژیان و برایەتی و دڵ سافی و سەرڕاستی پێشمەرگەت بۆ رەسم ئەکا ".

چاپکراوەکانی تری کۆمەڵە بەهەمان شێوە گرنگیان بە بڵاوکردنەوەی شیعر و چیرۆك داوە، بەڵام گۆڤاری نەوروز جیاواز لە چاپکراوەکانی تر تەواوی ژمارەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی ٢٦ سروودی کوردی تەرخانکردووە، ئەو سروودانە ئەوێ رۆژێ و تا بە رۆژگاری ئەمڕۆش دەگەن بەشێکن لە حەماسەت و گیانی شۆڕشگێڕیی تاکی کورد، ئەمەش ناوی چەند سروودێکە کە لەو ژمارەیەدا بڵاوکراونەتەوە:" کوردستان، نەورۆز، چەند شیرینە، کە

دەڵێن، دەمی راپەرینە، کوردستان، ئەی قوتابی، سرودی قوتابیان، ئێمە نەتەوەی مەردین، خوایە وەتەن ئاواکەی، بۆ پێشەوە، ئەی دلێران، تا دەس لەمل هیوا نەکەین، .... هتد" هەر یەکێك لەو سروودانە کاتی خۆی ئاوازیان بۆ داندراوە و لە لایەن هونەرمەندانی کورد تۆمارکراون. پێویست بوو دەستەی سەرپەرشتیارانی ئەو ژمارەیە ناوی شاعیر و دانەری سروودەکانیان بنووسێت. لە

هەروەها کۆمەڵە لەو چاپکراوانەی کە بە زمانەکانی تری چاپ وبڵاویکردوونەتەوە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ئەدەبی بەرگری داوە" هەر تەنیا بۆ نموونە لە زۆربەی هەرەزۆری ژمارەکانی گۆڤاری" کوردستان " دەقی ئەدەبی کوردییان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی وەرگێڕاوە، بە تایبەتیش لە کاتی شۆڕشی ئەیلولدا، لێرەدا ئاماژە بە چەند دەقێك دەدەین کە بە زمانی عەرەبی بڵاوکراونەتەوە:

- کردستان موطن الابطال، محمد مهدی الجواهری
- نوروز، پیرەمیرد
- انشودة وطني، علی ترموکی
- مصباح قریتنا، مەم

بەڵام دەبێت ئەو راستییە لەبیر نەکەین کە گۆڤاری هێڤیا وەڵێت لە تەواوی چاپکراوەکانی تری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ئەدەبی بەرگری داوە لە هەر هەمووشیان دەوڵەمەندترە. لە دووتوێی هەر سێ ژمارەکەیدا چەندان چیرۆك و شیعری شاعیران: جگەر خوێن، عوسمان سەبری، کامەران موکری.. هتد بڵاوکراونەتەوە. ئەگەرچی گۆڤارەکە بە پیتی لاتینی دەرچووە بەڵام بڵاوکردنەوەی ئەدەبی ئەدیبانی کوردستانی باشووری فەرامۆش نەکردووە، لە ژمارە ٢دا ئەم شیعرەی کامەران بڵاوکراوەتەوە:

**ئاگر بە نەخێ ئاو کوژایەوە**

**گوڵ بە بای پایز سەری نایەوە**

**ئەنجام :**

پارتی دیموکراتی کورد لە کۆنگرەی سێ دا ناوی بۆ " پارتی دیموکراتی کوردستان" گۆڕا، ئەو ناوە تەنیا دووجار زاراوەی " یەکگرتوو"ی بۆ زیاد کراوە، جاری یەکەم لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، جاری دووەم لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، لە ساڵی ١٩٤٦ سەرەڕای شکست و سەرکەوتن تا ئێستاش لەسەر خەباتکردن بەردەوامە.

یەکێك لەو رووداوانەی بۆتە ناسنامەیەکی مێژوویی بۆ تێکۆشانی پارتی، رووداوەکانی شۆڕشی ئەیلولە، کە بۆ چەند وێستگە و خانەیەك دابەش دەبێت" چەك، گفتوگۆ، ئاگربەست. بە پشت بەستن بە چەند بەڵگەنامەیەك مێژووی خاوەندارێتی پارتیم بۆ ئەو شۆڕشە ساغ کردۆتەوە.

بەڵام دوولەتبوونی پارتی لە رۆژگاری شۆڕشی ئەیلولدا بووە خاڵێکی نێگەتیڤ بۆ ئەو سەردەمە و کۆمەڵێك رووداوی لێکەوتەوە ناکرێت لە کاتی نووسینەوەی مێژووی حزبی کوردی فەرامۆش بکرێن، بە مەرجێك لە چوارچێوەیەکی تەسکی حزبی خوێندنەوە بۆ دوولەتبوونەکە نەکرێت

لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوو کورد و خەڵکی کوردستان بە مۆدێلێکی تازەی ژیانی سیاسی و حزبی و رێکخراوەیی پیشەیی ئاشنا بوون، یەکێك لەو رێکخراوە پیشەییانەی کە مێژووی کاریی رێکخراوەیی کوردی شانازی پێوە دەکات دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا Kurdish Students Society In Europe- KSSE ، ئەم رێکخراوە بۆ ئەوێ رۆژی سەنتەرێکی درەوشاوە بوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد بە دنیای دەرەوە، بە هەڵدانەوەی کار و بەرهەم و چالاکییەکانی ئەو رێکخراوە دۆش دادەمێنین بەرامبەر بە گەنجینەیەك تا ئێستا نە کۆکراوەتەوە، نە بە شێوەیەك کاری لەسەر کراوە کە شایان بە خەبات و

تێکۆشانی ڕێکخراوەکە بێت. ئەو ڕێکخراوە بۆ ئەو ڕۆژگارە باڵیۆخانەی کوردایەتی بوو.

مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق و مێژووی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ئاوێتەی یەکن، ناکرێت ئەگەر مێژووی کۆمەڵە بنووسرێتەوە پشتیوانی و پشتگیریی بۆ شۆڕشی ئەیلول فەرامۆش بکرێت.

بۆ سەرنجڕاکێشانی رایگشتی و ناوەندەکانی بڕیاری جیهانی، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی چاپکراو و ئەدەبیاتەکانی بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، فەڕەسی، رووسی.. هتد، زۆرترین پەیام و ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلولی بە دنیای دەرەوە گەیاندووە.

**پێشنیاز و سەرنج:**

لەو سەروبەندەدا، بەهۆی کارکردنی بەردەوامم لەسەر بەڵگەنامە بە تایبەتیش چاپکراوەکانی حزبە کوردستانی و ڕێکخراوەکانی تاراوگە زۆرجار رووبەڕووی کێشەی نەبوونی سەرچاوە دەبمەوە، بوونی ئەو کێشەیە پەیوەست دەکەم بۆ نەبوونی کتێبخانە و ئەرشیڤێکی نیشتمانی، دەکرا لە ماوەی ٢٥ ساڵەی دەسەڵاتداریێتی کوردی کتێبخانە و ئەرشیڤخانەیەکی نیشتمانی دابمەزرێت!

تاراوگە کوانوویەکی دەوڵەمەندی هەزاران لاپەڕەی چاپکراوی کوردی و پەیوەند بە کورد و کوردستانە، هەقە بیر لە کۆکردنەوە و پۆلێن کردنی ئەو هەزاران ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانە بکرێتەوە کە لە دەرەوەی کوردستاندا پەرت و بڵاوبوونەتەوە، بە دواخستنی کۆکردنەوە و دانەمەزراندنی کتێبخانە و ئەرشیڤخانەی نیشتمانی ڕەنگە وەك هەزاران لاپەرەی تر ئەوانیش بفەوتێن.

هەروەها پێشنیار دەکەم، بە بڕیارێکی وەزاری ناوی کتێبخانەی زانکۆکانی کوردستان بۆ کتێبخانە و ئەرشیڤخانەی زانکۆکان بگۆڕێن، لەو حاڵەتەدا لەپاڵ پاراستنی کتێبدا دەتوانرێت بەر پرسیارێتی پاراستنی بەڵگەنامەی کوردی و پەیوەند بە کورد بگرنە ئەستۆ.

**سەرچاوەکان:**

کتێب بە زمانی کوردی:

- ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠٠٧

- پارتی دیموکراتی کوردستان- سەرکردایەتی کاتی، ڕێبازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد، هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و بەرنامەی نویّ ی پارتی دیموکراتی کوردستان، راپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە لایەن کۆنفرانسی پارتی یەوە لە ١١-١٥ی ئاب ١٩٧٦ پەسەند کراوە

- جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، وەرگێڕانی: ح- ا، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، سلێمانی ٢٠١١

- کەمال مەزهەر" دکتۆر" کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە، شەهلا تاهیر حەیدەری، لوبنان ٢٠٠٨

- کەمال فوئاد" دکتۆر"، چەند زانیاری یەك لەبارەی بزوتنەوەی خوێندکارانی کوردەوە لە هەندەران، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٧

- کەمال فوئاد " دکتۆر"، کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردی یەکان لە ئەورووپا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ی قوتابی یانی کوردستان- لقی سلێمانی، سلێمانی ١٩٧٢

- سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح" ئامادەکردن"، ڕۆژنامەوانی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦- ١٩٥٨، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١١

– عارف روشدی عارف، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٥٦– ١٩٧٥، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران– یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٢

– عەبدوڵڵا ئەحمەد رەسول پشدەری، شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٦١ دژی رژێمی قاسم، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك ٢٠٠٧

– د. عەبدوڵڵا یاسین عەلی ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر ٢٠٠٥

– مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٣١– ١٩٥٨، شوێنی چاپی دیارنیە، ٢٠١٢

– مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١–١٩٧٥، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٤

– موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، سازدانی" تاریق ئیبراهیم شەریف، وەرگێڕانی" ئیسماعیل بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٩

– نەوزاد عەلی ئەحمەد، دەنگدان لە تاراوگە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر ٢٠١٥

– نەوزاد عەلی ئەحمەد، کوردستان ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ژمارە ١ –١٧ ، ١٩٥٨–١٩٧٤، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ٢٠١١،

– نەوزاد عەلی ئەحمەد، رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکادا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری کوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٨

– نەوزاد عەلی ئەحمەد، پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان کوتەك و تەسلیم بووندا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، هەولێر ٢٠٠٩

– نەوزاد عەلی ئەحمەد، پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا، سوید ٢٠١١

– رۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی چوارەم، لەسەر ئەرکی بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری ی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە، هەولێر ٢٠١٤

– نەوزاد عەلی ئەحمەد" ئامادەکردن"، رۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧

– نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٦٣–١٩٧٣، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٩

– هەستیار محەمەد عەلی، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران– یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٩

– وریا رەحمانی، شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی رۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، تاران ٢٠١٣

کتێب بە زمانی عەرەبی:

– الحزب الديمقراطي الكردستاني– اللجنة التحضيرية، تقييم مسيرة الثورة الكردية و انهيارها و الدروس و العبر المستخلصة منها، اوائل كانون الثاني ١٩٧٧

– ايوب بارزاني، الحركة التحررية الكوردية و صراع القوي الاقليمية و الدولية ١٩٥٨– ١٩٧٥، ملفات سرية، دار نشر المشرق– جنيف ٢٠١١

- شيركو فتح اللة عمر، الحزب الديمقراطي الكوردستاني و حركة التحرر القومي الكوردية في العراق ١٩٤٦- ١٩٥٨، من منشورات المديرة العامة للطباعة و النشر- وزارة الثقافة، السليمانية ٢٠٠٤

- شيخ علي، اضواء علي الحركة الطلابية الكردية في الخارج، من منشورات جمعية الطلبة الاكراد في اوروبا، ثراك، ١٩٨٦

- عبدلستار طاهر شريف" دكتور"، الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، شركة المعرفة للنشر و التوزيع، بغداد ١٩٨٩

- علي جعفر، كورد المهجر" جمعية الطلبة الكورد في اوربا، الجزء الاول، منشورات دار خاني للنشر و التوزيع، ..... ٢٠١٦

- علي سنجاري، الحركة التحررية الكوردية، مواقف و آراء، الطبعة الاولي، مطبعة خةبات، دهؤك ١٩٩٧

- ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، دار الرشيد للنشر، دار الحرية للطباعة- بغداد ١٩٧٩

بە زمانی ئینگلیزی:

-Mohamad Salih Karadaghy, KURDISTAN AND KURDS, Kurdish Students Society In Europe( U.K Branch) 1962

کتێب بە زمانی فارسی:

- بهرام ولدبيطي، برتارك طوفان ملا مصطفي بارزاني به دروايت مطبوعات ايران، ١٣٥٨- ١٣٢٤، چاپ اول، تهران ١٣٩٥

- عرفان قانعي فرد، تندباد حوادث بررسي رخدادهاي تاريخ معاصر، گفتوگو با عيسي پژمان مامور ويژه شاه و ساواك در كردستان عراق، نشر علم، تهران ١٣٨٩

کتێب بە زمانی سویدی:

- SAOB Svenska Akademiens ordbok Flykting (Tryckår 1925

گۆڤار و بڵاوکراوە

- ZagrosLife " گۆڤار" ژمارە ٢، مانگی ئایاری ٢٠١٤

- ڕۆژنامەنووسان " گۆڤار"، یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە 3، سلێمانی ٢٠٠٣

- ١١ ایلول، ١٩٦٩، نشره فصلیه تصدرها جمعیه الگلبه الاکراد، ژمارە ١ ساڵی ١٩٦٩، ژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٠

- نوروز، نشره خاصه بمناسبه عید نوروز- اصدرها فرع جمعیه گلبه اکراد فی اوربا، ژمارە

HEVYA WELET, Sal 1, jimar 2, Gulan - 1964

- پڕشنگ " گۆڤار"، ژمارە ١، ساڵی ١، حوزەیرانی ١٩٦٦، لاپەڕە ١

- دەنگی کوردستان، بڵاوکراوەیەکی دەنگ و باسی هەفتەیی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بووە، ژمارە ٢، ساڵی ١، ١٩٦٣/١٠/٩

- کلتور" گۆڤار" ژمارە ٥، ساڵی ١٩٩٠ بە کۆمەکی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاخ دەرچووە.

سەرچاوەی تر:

- ئەرشیڤی تایبەتی خۆم

- کتێبی چاپنەکراوم" کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا ١٩٧٥- ١٩٨٨"

## أحداث ثورة أيلول في أدبيات جمعية الطلبة الكورد في أوربا 1961– 1970

**ملخص البحث:**

تعرّف الكورد وأبناء كوردستان في أربعينيات وخمسينيات القرن المنصرم واطّلعوا علي نموذج جديد من الحياة السياسية والحزبية والتنظيمية، ما دعا إلي تأسيس جمعية الطلبة الكورد في أوربا، كأحد التنظيمات المهنية التي يعتز بها تأريخ العمل التنظيمي الكوردي، إذ كانت تلك المنظمة آنذاك مركزاَ متألقاً لتعريف القضية الكوردية للرأي العالمي، فحينما نتصفح أنشطة ونتاج وفعاليات تلك المنظمة، فإننا نقف مندهشين أمام خزين لم يلملم ولم يرتقِ الرجوع إليه إلي مستوي يتواءم مع نضال و كفاح تلك المنظمة. إن تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني–العراق وتأريخ جمعية الطلبة الكورد صنوان، فحينما يكتب تأريخ الجمعية فلا ينبغي إهمال دعمها ومساندتها لثورة أيلول. فقد عملت جمعية الطلبة الكورد في أوربا وعبر منشوراتها المطبوعة وأدبياتها باللغات العربية، الإنجليزية، الفرنسية، الروسية...إلخ، علي جلب انتباه الرأي العام ومراكز القرار وإيصال أكبر عدد من الرسائل حول أحداث ثورة أيلول إلي العالم. ارتأيت في هذا البحث أن أتطرق، اعتماداً علي الأدبيات الرصينة لجمعية الطلبة الكورد في أوربا 1956–1975 ، إلي ما قدمته هذه المنظمة من دعم وإسناد لثورة أيلول. إذ يتألف البحث من قسمين: أتطرق في القسم الأول منه إلي مرحلة تأسيس الجمعية ومؤتمراتها وأنشطتها والعلاقة بينها وبين ثورة أيلول. وفي القسم الثاني أجريت قراءة لأدبيات الجمعية ومدي دعمها للثورة. وكأي موضوع أكاديمي استفدت من العديد من المصادر التي أشرت إليها في آنفاً.

## The History of the September Revolution in the Publications of the Kurdish Students` Society in Europe – KSSE 1961-1970

**Abstract:**

During the 1940´s and 1950´s of the Twentieth Century, the Kurdish people experienced a new form of organizational, professional and political movements. One of those exemplary professional and interest group associations, that is the center of special Kurdish pride, is the establishment of The Kurdish Students` Society in Europe – KSSE.

This student organization was a vital center for spreading knowledge and information about the Kurdish Question and the Kurdish Movement, abroad. In publishing these materials about the activities, publications and work of this student association, we are amazed at the lack of attention paid to the efforts and struggle of this organization that could do justice to its work and importance. This student organization constituted, in reality, the role of an embassy and a diplomatic representation for the Kurdish National Liberation Movement “Kurdayati .” The history of the Kurdistan Democratic Party in Iraq and the history of the Kurdish Students´ Society in Europe are intertwined. Writing a history of KSSE, that does not touch upon its comprehensive and strong support for the September Revolution of 1961 in Iraqi Kurdistan , would be insufficient.

In order to attract and gain the support of international public opinion, the Kurdish Students` Society in Europe – KSSE distributed most of the news and statements of the September Revolution in many international languages, like Arabic, English, French, Russian, and German, etc. In this research, I have relied mainly on the original documents of KSSE between 1956-1975 concerning their support for the September Revolution in Iraqi Kurdistan. It consists of two parts. In the first part, I deal with the establishment of the student organization, its annual meetings and congresses, its activities as a student organization and its relations with the September Revolution. In the second part, I present a content analysis of the documents and publications of KSSE to ascertain the degree of their support for the September Revolution.

In similarity with other academic works, I have benefited and used multiple sources for my research. The details are presented at the end of the research .